# دروستکردنی پارکی شەهیدێک، یان شۆڤینییەکی موتربەکراو بە بیروبۆچوونی بەعس لە هەڵەبجە؟



یەکشەممە 8.1.2006

**دەرسیم دیبەگەیی**

Darsim88@hotmail.com

لەسەردانەکەی بەو دواییەی عەبدولعەزیز حەکیم، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیو لیستی هاوپەیمانی یەکگرتووی شیعەکانی عێراق بۆ کوردستانو، لەسەردانی 30.12.2005یدا بۆ شاری هەڵەبجەی شەهیدی کیمیاباران، گەورەترین سەرکەوتنی بۆ شیعەکان تۆمارکرد. سەرکەوتنەکەی حەکیم لەوەدایە کە دەسەڵاتدارانی کوردی بەکردنەوەی پارکێک بۆ محەمەد باقر حەکیمی برای عەبدولعەزیز ڕازی بوونو، ڕازیبوونیش بەکارێکی وا واتە هاوتابوونی محەمەد باقر بەکارەساتی گەورەی هەڵەبجەو، ئەمەش لەنرخو ڕێزو پیرۆزی قوربانیانی ئەو شارەو کارەساتەکە کەم دەکاتەوە. هەروەها کردنەوەی پارکێک بەناوی کەسێکی وەکو محەمەد باقر حەکیمی شۆڤینیو دژ بەکورد، درێژەدانە بەسیاسەتی بەعەرەبکردنو بەئاینزاکردنی کوردو کوردستان بەئاینزای دواکەوتووانەی شیعەگەرێتی.

ئەگەر عەبدولعەزیز حەکیم ئەوەندە دڵسۆزە بۆ شاری هەڵەبجەو قوربانییەکانی ئەو شارە، بۆ نەخۆشخانەیەک یان باخچەیەکی ساوایانی بۆ ئەو منداڵە بەزگماک شێواوانەی کە لەئەنجامی کاریگەری بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجەدا لەدایکبووینە، نەدەکردەوە؟

بیرو بۆچوونەکانی کەسێکی شۆڤینی وەکو محەمەد باقر حەکیم تاسەر ئێسقان دژ بەکورد، چی کەمترە لە بیرو بۆچوونەکانی سەددام، یان شیعەیەکی وەکو محەمەد حەمزە زوبەیدی ئەمینداری گشتی بیرۆی باکوور (کوردستان)ی حیزبی بەعس کە لەساڵی 1985داو دوای کۆتایی پێهێنانی گفتوگۆی نێوان ی.ن.ک و ڕژێم هاتە کوردستانو، سیاسەتێکی زۆر ڕەگەزپەرستانەو دڕندانەی بەرامبەر بە کوردو کوردستان گرتەبەر، هەروەها ئەو گۆڕبەگۆڕە سەرەکوەزیرانی عێراق بوو لەساڵی 1993، یان کەسێکی وەکو فەریقی یەکەمی ڕوکن سەعدی توعمە عەباس ئەلجبوری بەڕەگەز شیعە کە پشکێنەری بەرهەم هێنانی چەکە کۆکوژیەکانی سەددامو، ماوەیەک سەرۆکی ئەرکانی سوپای شومی بەعسو دواتریش وەزیری بەرگری ڕژێم بوو لەکاتی داگیرکردنی کوێتو شەڕی یەکەمی کەنداودا، ئەو شیعە بەعسیـیە ڕۆڵی باڵای هەبووە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی قڕکردنی کوردو پەلامارە دڕندەکانی ئەنفال بۆ سەر کوردو کوردستان، یان شیعەیەکی وەکو مزبان خدر هادی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس، یاخود مەزنترین درۆزن لەهەموو جیهاندا، وەزیری ڕاگەیاندنی بەعس محەمەد سەعید سەحافی شیعە کە ڕەمزی ڕاستەقینەی عەرەبی ڕەگەزپەرستو ئیسلام بوو، هیچ کاتێک درێخی نەکرد لەدژایەتیکردنی کورد. هەروەها محەمەد ڕەزای کوڕی سیستانی شۆڤێنیستی بەڕەگەز ئێرانیو گەورە مەرجەعی شیعەکانی عێراق کە ئەندامی شوعبەی حزبی بەعسی سەددام بوو.

بەگوێرەی لێدوانێکی مام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانو سەرۆککۆماری ئێستای عێراق بۆ گۆڤاری "الاهرام العربي" میسری ژمارە 213ی 21.4.2001، کە دەقی چاوپێکەوتنەکە لە لاپەڕە 11ی هەفتەنامەی "الاتحاد"ی ی.ن.ک دا ژمارە 419، هەینی 4.5.2001دا لەژێر ناوی "حوار مع الزعيم الكوردي جلال الطالباني"دا بڵاوکراوەتەوە، مام جەلال باسی ئەوە دەکات کە لەسەردەمی سەددامو لەحکومەتە ڕەگەزپەرستییەکەی بەعسدا ڕێژەی عەرەبی شیعە لە گەورە بەرپرسانی حزبی بەعسی عەرەبی دەسەڵاتداردا لە 90% بووە. کەواتە شیعەی عێراق 90%ی بڕیارە ڕەگەزپەرستەکانی دژ بەکوردو کوردستانیان دەرکردووە لە بەعەرەبکردن، کاولکردنی کوردستان، سیاسەتی جینۆسایدو ئەنفالو کیمیاباران، کەواتە شیعەی عێراق 90%ی تاوانەکانی دژ بەکوردیان جێبەجێکردووە! ئەی بۆچی ئەمڕۆ سەرکردایەتی کورد، شیعەکانی عێراق بەدەر دەنێت لەو تاوانانەی کە سەددامو بەعس لەبەرامبەر کوردو کوردستاندا ئەنجامیان داوە؟

**محەمەد باقر حەکیم، لەنوێژی هەینی 15.8.2003دا لە نەجەف کە لە ماڵپەڕی (www.al-hakim.com) دا بڵاوکراوەتەوە، باسی ئەو مەترسییانە دەکات کە لەسەر عێراق دا هەن‌و، مەترسی ئەوەی هەیە کە بەقسەی ئەو عێراق ناسنامەی ئیسلامی‌و عەرەبی خۆی لەدەست بداتو، جەخت لەسەر یەکێتیی خاکو یەکێتیی گەلی عێراق دەکاتەوە.**

**ئەو ئایەتوڵلایە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ سەددام، ساڵح موتلەگ، حارس ئەلزاری، عەدنان دلێمی، مەشعان ئەلجبوری‌و عەرەبە شۆڤینییەکانی تر نییەو تائێستاش پێی وایە عێراق لەیەک گەل نەک چەند گەلێکی جیاواز پێک دێتو کوردو کەمەنەتەوەکانی تریش بەعەرەب دادەنێت! هەروەها محەمەد باقری گۆڕبەگۆڕ لەپێشوازی شاندی شارەکانی موسڵ، داقوق، بەغداو عەفەگ لە 11.8.2003دا ئاماژە بەدانیشتوانی باکوور (کوردستان) دەدات، کەچۆن ڕووبەڕووی دڕندەترین ستەم‌و زۆرداری ببوونەوە لەسەردەمی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕداو، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو ستەمانەش پابەند بووینە بەخۆشەویستی خۆیان بۆ مەرجەعیەتو، لەهەموو ئەو کۆمەڵانەی کە زۆرتر قوربانییان داوە لەگۆڕەپانی بەرەنگار بوونەوەو قوربانیداندا تورکمانەکان بووینەو، دوو ڕۆڵی جیهادییان لەسەرشان بووە، ڕۆڵی قوربانیدان‌و شەهید بوون هەروەها ڕۆڵی پاڵپشتیکردن لە مەرجەعیەتی نەجەف.**
**لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە محەمەد باقر حەکیم، نەک هەر شۆڤینییەکی دژ بەکوردو کوردستان بووە، بەڵکو کەسێکی درۆزنیش بووە، ئەگینا چۆن دەتوانێت خەباتی گەلی کوردستان بەلاوە بنێتو ڕۆڵی درۆزنانەی تورکمان ئەوەندە زەق بکاتەوە کە دە فیشەکیان بەبەعسەوە نەناوە! جا ئەوە گەورەترین تاوان نییە، ئەگەر بێتوو دەسەڵاتدارانی کوردی ڕێگا بدەن پارکێک بەناوی گورگێکی وا دڕندەو سەرسەختی کورد کە لەپێستی مەڕدا خۆی شاردبووەوە لە هەڵەبجەدا دروست بکرێت؟ ئایا سەرکردایەتی کورد بۆ وا ساویلکەن بەرامبەر بە دوژمنانی کوردو کوردستان‌و ئەوەندە سەرسەختن لەبەرامبەر یەکتریدا؟ ئایا یەکێتیی نیشتمانی ئامادەیە ڕێگا بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدات، پارکێک بەناوی بارزانی، گوڵان یان ئەیلول لە هەڵەبجە یان سلێمانی دوروست بکات؟ یان پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر یان دهۆک پارکێک بەناوی شەهید ئارام، شەهید حەسەن کوێستانی یان شەهید ئیبراهیم عەزۆ دروست بکات؟ دڵنیام هیچیان ڕێگا بەوەی تریان نادات، بەڵام هەردوو لایان ڕێگە بەعەرەبەکان دەدەن بۆ ئەنجامدانی کارێکی ئاوا. ئەگەر ڕێگەدان بەمشێوەیە بەعەرەبەکان لاوازی هەستی نیشتمانی دەسەڵاتدارو پارتە کوردستانییەکان نەبێت، دەبێت چی بێت؟**

**بەپێچەوانەوە دەبوایە بۆ نیشاندانی نیاز پاکی عەرەبەکان‌و متمانە پێکردنی کورد بەعەرەبو دڵدانەوەی کورد لەدوای ئەو هەموو ستەمەی کە عەرەبی عێراقی لەماوەی 85 ساڵی تەمەنی حکومەتەکەیان لە کوردیان کردبوو، دەبوایە دەسەڵاتدارانی ئێستای عەرەبی عێراقی لەدەیان شاری باشوورو ناوەڕاستی عێراقدا سەدان پارک، گەڕەک، شەقام، گۆڕەپان، نەخۆشخانەو ڕێکخراوی مرۆییان بەناوی هەڵەبجەو کوردو کوردستان دروست بکردایە، نەک بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆیان‌و درێژەدان بەسیاسەتی بەعەرەبکردنی کوردو کوردستان پارکو حوسێنییە لە کوردستان بکەنەوە.**

**پێویستە دەسەڵاتدارانی کوردی‌و بەتایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕێگا نەدەن کارێکی وا سەربگرێت، هەروەها داواکارم دانیشتوانی هەڵەبجەی زامدار، نووسەران، ئەدیبان، هونەرمەندان‌و ڕۆشنبیرانی کوردستانی دەنگی ناڕەزایی بەرزکەنەوەو ڕێگای دروستکردنی ئەو پارکە نەدەن چونکە مەبەستی شیعەکان بەرزکردنەوەی محەمەد باقر حەکیمە بۆ ئاست بەرزی‌و پیرۆزی هەڵەبجە.**